# عێراق پێویستە لەڕووی ئابووریـ

دانپێــدان بەسیســتەمی فیدرالییــەت و تەرخانکردنی لە١٧٪ی بودجەی گشتی عێراق بۆ کوردســتان، بەوەرچەرخانێکی سیاســی و ئابووری لەم وڵاتەدا دەدەنرێت، سەرەتایەکیشــە بــۆ پەیڕەوکردنــی نامەرکــەزی ئابــووری کەلەگەڵ پێکهاتەی ئابووری و رۆشــنبیری و سیاســی عێراقدا دەگونجێت. ئەم هەنگاوە دەیان ئاستەنگ و بەربەستی لەلایەن گروپ و لایەنە سوننەو شیعەکانی عێراقدا بۆ دانرا، ئەو گروپ و پارتانەی لەژێر کاریگەری و فشارو پاڵەپەســتۆی وڵاتانی دەوروبەرو شۆڤێنییەکان هەڵوێستەکانیان دادەڕێژن، نەك لەسەر بنەمای پێگەوە ژیان و پاراستنی سیستەمی دیموکراتی و فیدرالی و نامەرکەزییەتی ئابووری، هەر ئەم ململانێیەی ناو گۆڕەپانی سیاسی عێراق وای لەپەرلەمان کردووە لەبری ئەوەی بەشێوەیەکی پرۆڤیشــناڵی و شــارەزایی و لێهاتوویــەوە کارەکان بەڕێ بــکات، بۆتە پەرلەمانێکی پڕ لەموزایەدەی سیاســی و کێشمەکێشی ئیتەنی و ئاینــی دوور لەپاراســتنی بەرژەوەندییــە گشــتییە ئابوورییەکانەوە، تەنانەت بەدەیان پرۆژەی یاســای گرنگ بێ رەزامەندی بەهەڵپەسێردراوی ماوەتەوەو لیژنەکانی پەرلەمــان نەیانتوانیــوە لــەرووی ئابوورییەوە هەنــگاوی بوێرو گەورە بنێن، بۆیە تاکو ئێســتا ئابووری عێراق بەئابوورییەکی بێ پــلان و یاســا دادەنرێت، تەنانەت سیســتەمی چاودێــری لەســەر دامــودەزگا حکومییەکان و کەرتــی تایبەتــی لاوازە، ئەمــە لەکاتێکدا بەدرێژایی دامەزرانی حکومەتی عێراق ئابووری وەکو کارتێکی سیاســی بەکارهاتــووەو خاوەنی سیستەم و فەلسەفەی ئابووری نەبووین، راستە لەچەند دەیەیەکــدا بانگەشــەی پەیڕەوکردنی سۆشیالیستی دەکرا، بەڵام ئەم ئاراستەیە لەرووی پراکتیکییەوە جێبەجێ نەکراو بێ ســەروبەری و شــوێنەوارەکانی ئابووری جەنگ وەکو میراتی بۆمان بەجێماوە لەم بارودۆخەدا بەدەســتهێنانی دەستکەوتە ئابوورییەکان بۆ نوێنەرانی کورستانی کارێکی ئاســان نییەو دەیان ئاستەنگی سیاسی و دەستێوەردانی دەرەکی لەبەردەمدایە، کاتێکیش لەناوخۆی هەرێمەکە هەنــگاوی ئابوورییانەی جیددی نەنرابێت و خاوەنــی پلانی ئابــووری نەبین و کەرتەکانــی بە ر هە مهێنــا ن شکســتیــا ن هێنابێت، کێشەکە ئاڵۆزتر دەبێت و دەربازبوون لە پاشکەوتەیی ئەو ناوەندە لاوازەی ئابووری ئاستەم دەبێت.

لەگەڵ نزیکبوونــەوەی راگەیاندنــی کۆتایی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و دیاریکردنی دەنگەکانی لیست و قەوارە سیاســییەکان بــۆ ٣٢٥ کورســی ئەنجومەنی نوێنەرانــی داهاتــوو، هەمــوو بۆچوونــەکان بــەو ئاراســتەیە دەڕوات لیســتی هاوپەیمانی کوردســتانی دەتوانێت ببێتەخاڵی یەکلاکەرەوە بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق و رۆڵی کاریگەریــان لەگۆڕەپانی سیاســی ئەو وڵاتە بێت، بەتایبەت گەربێتوو لیستە کوردستانییەکان بەیەکگرتوویــی و یەکهەڵوێســتیی بەشــداری لەحکومەتــی نوێی عێراقدا بکــەن، بەو پێیەی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لەچوار پارێزگای کوردستان و کەرکووك و موسڵ زۆرترین دەنگی بەدەستهێناوە.

ئــەم هەڵبژاردنــە لەناوەنــدە جیهانییەکانــدا بەرووداوێکی گرنکی دیموکراســی وەســفکراو گەورەتریــن تێچوونی لەرۆژهەڵاتی ناوەراســت تێدا خەرجکــرا، بەڵام هەروەکــو چۆن جوزێف بایدنی جێگری ســەرۆکی ئەمەریکا ئاماژەی پێکرد:((ئەم هەڵبژاردنە ســەرەتایەکەو دەکەوێتە ژێر پرۆسەیەکی درێژخایەن. روونیشی کردەوە کە عێراق پێویستی بەرووبەرووبوونەوەی سەخت هەیە لەســەر داهاتووی بەتایبەت لەســەر مەسەلەی کەرکووك..)). پێویستە لەئێستاوە کوردستانییەکان لەسەر بنەمای پتەوو بەهێز بڕواننە رێککەوتن و هاوپەیمانییەتییەکان، بەتایبەتی هەڵوێستی ئەو هێزانە بەرامبەر بەچارەسەرکردنی ناوچە دابڕاوەکان



**ململانێی سیاسی عێراق وای لەپەرلەمان کردووە لەبری ئەوەی بەشێوەیەکی پرۆڤیشناڵی و شارەزایی و لێهاتووییەوە کارەکان بەڕێ بکات، بۆتە پەرلەمانێکی پڕ لەموزایەدەی سیاسی**

**ئابووری عێراق بە ئابوورییەکی بێ پلان و یاسا دادەنرێت و سیستەمی چاودێریشی لەسەر دامودەزگا حکومییەکان و کەرتی تایبەتیشی لاوازە**



و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ ی دەستووری و مەسەلە ئابوورییە هەڵپەسێردراوەکانی وەکو یاسای نەوت و گازی عێراقی و گرێبەستە نەوتییەکانی کوردستان و ١٧٪ی بوودجەو بودجەی هێزی پێشمەرگەو ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی و. چەندین بواری دیکە، بۆیە لەئێستاوە پێویستە هێزە کوردستانییەکان بۆ قۆناغی ئایندە خۆیان ئامادە بکەن کە قۆناغی هاوپەیمانێتی و ڕێکەوتنەکانە.

بۆچوون و پێشبینییە سیاسییەکان بۆ سیاسەتمەدارەکان جێ دەهێڵین ئەوەی لەم راپۆرتەدا باس دەکرێت زیاتر وروژاندنی کێشەو گیروگرفتە ئابوورییەکانی نێوان بەغداو کوردستان و پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی ئابووری هەرێمەکەیە، کە بەدرێژایی چەند ساڵی رابردوو ئەم دۆسیێ گرنگانە نەك هەر بەرەو چارەسەرکردن نەچوون بەڵکو ئاڵۆزتر بوون و دەیان ئاستەنگ لەبەردەم چارەسەرکردنیان هاتۆتە پێش، وەکو مەسەلەی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم کە وەزیری نەوت هەموو دەرگاکانی لەبەردەم دانوستاندن و چارەسەرکردن داخستووە، قورسایی و هێزی لیستە کوردستانییەکان لەناو پرۆسەی بەڕێوەبردنی سیاسی عێراقدا چارەنووسی چارەسەرکردنی ئەم کێشەو گرفتە ئاڵۆزە ئابوورییانە دیاری دەکات.

**ئاستەنگ و بەربەستە یاسایی و دەستوورییەکانی بەغدا لەبەردەم کوردستان**

گەرچی هێزە کوردستانییەکان زۆر پابەندن بەدەستووری هەمیشەیی عێراق و گروپ و پارتە شۆڤێنییەکان پێیان وایە ئەو دەستوورە دەستکەوتی گەورەی بۆ کوردەکان تێدایەو دەیانەوێت دووبارە هەموار بکرێتەوەو گۆڕانکاری تێدا بکەن، بەڵام لەناوەڕۆکدا لەناو ماددە و برگە یاساییەکانی ئەو دەستوورەدا دەیان ئاستەنگ دانراوە، بەتایبەتی ڕێگا نەدان بۆ مۆرکردنی ڕێکەوتنامەی بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی بیانی و ناروونی و ناشەفافییەت لەمۆرکردنی گرێبەستە نەوتییەکان و یەکلانەکردنەوەی زۆر لەمەسەلەی دارایی و داهات، لەناوخۆی حکومەتیشدا بەغدا دەیەوێت مەرکەزییەتی ئابووری پەیڕەو بکات و لە هەموو دەسەڵاتە ئابوورییەکاندا تایبەتمەندێتی هەبێت و لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا بێت، تەنانەت حکومەتی ناوەندی بەغدا لەرۆژی دەستبەکاربوونییەوە دەیەوێت کۆنترۆڵی هەموو کاروبارە ئابووری و داراییەکانی هەرێمی کوردستان بکات، ئەمە لەکاتێکدا بەپێی سیستەمی فیدرالییەت تاکو ماف و ئەرکە ئابوورییەکانی ناوچە فیدرالی و پارێزگاکان زیاتر بێت ئابووری حکومەتی فیدرالی بەهێز تر دەبێت.

لەلایەکی ترەوە لەرەشنووسی پرۆژەی یاسای نەوت و گازی عێراقی دا هاتووە مافی دەسەڵاتی

**بەدەستهێنانی دەستکەوتە ئابوورییەکان بۆ نوێنەرانی کورستانی دەیان ئاستەنگی سیاسی و دەستێوەردانی دەرەکی لەبەردەمدایە، لەناوخۆی هەرێمەکەشدا هەنگاوی ئابوورییانەی جیدی نەنراوەو خاوەنی پلانی ئابووری و کەرتێکی بەرهەمهێنان نین**

**پێویستە لەئێستاوە کوردستانییەکان هەڵوێستیان یەک بکەن بەرامبەر بەچارەسەرکردنی مەسەلە ئابوورییە هەڵپەسێردراوەکانی وەکو یاسای نەوت و گازی عێراقی و گرێبەستە نەوتییەکانی کوردستان و لە ١٧٪ی بوودجەی هەرێم**

# ـــیەوە چاو بەخۆیدا بخشێنێتەوە

مۆرکردنـــی گرێبەســـت و دەرهێنـــان و ناردنە دەرەوەی نەوت و گاز لەناوچە جێناکۆکەکان لەژێر دەســـەڵاتی حکومەتی ناوەندیدایە، ئەم بڕگەیە لـــەدژی هەرێمی کوردســـتان و یەکلاکردنەوەی ئەو کێشەیەو جێبەجێ نەکردنی ماددەی ١٤٠ی دەســـتووری عێراقە کەســـەبارەت بەکەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی تر لەسەر هەرێمی کوردستان هاتووە، پێویستە نوێنەرانی کورد لەئەنجوومەنی نیشـــتمانی عێـــراق زۆر بەووردی ئـــاگاداری تێپەڕنەبوونـــی ئەو بڕگەیـــە و دەیان لوغمی تر بن کەبۆ کوردســـتانییەکان لەنـــاو بڕگەو ماددە یاساییەکان بۆیان دادەڕێژرێت.

ئاســـتەنك و بەربەســـتە یاســـاییەکان لەعێراقی فیدرال پەیوەنـــدی بەململانێ یەکانی نێوان هێزە سیاســـییەکانەوە هەیەو لەناو قـــەوارە پەرلەمان رەنگـــی داوەتـــەوەو پەرلەمانی لەشـــارەزایی و پرۆڤیشناڵییەوە بردۆتە دۆخێکی وا لەموزایەدەی سیاســـی و حزبی هیچی تر نییە، ئەوەتا بەدەیان پرۆژە یاسای گرنگ و ستراتیژی هەیە دەنگی لەســـەر نەدراوە لەوانە پرۆژەی یاســـای نەوت و گازی عێراقـــی و وەبەرهێنان و دابەشـــکردنی داهات و پرۆژە یاســـاکانی وەزارەتەکان و پرۆژە یاساکانی لیژنەی ئابووری و دارایی پەرلەمان.

## بەبێ سەرژمێری گشتی عێراق نایێتە خاوەنی بەرنامەو پلانی ستراتیژی ئابووری

نەبوونی ســـەرژمێرییەکی راســـت و زانســـتی لەعێراقدا وایکردووە نەبینـــە خاوەنی ئامارێکی تەواو، ئەمـــەش بۆتەهۆی ئاســـتەنك لەبەردەم پرۆســـەی سیاســـی و ئابووری و دانانی پلان و ســـتراتیژییەت و بەڕێوەچوونێکـــی رێکوپێکی حکومەت، لەهەموو وڵاتانی جیهاندا سەرژمێری لەپێناو بودجەو رێکخستنی خەرجی و داهاتەکان و دیاریکردنـــی ژمـــارەی گەنـــج و بێکاران و بیروباوەڕی ئاینی و ئیتەنی و دەیان مەســـەلەی تر پێویســـتە. لەســـاڵی ١٩٥٧ەوە ســـەرژمێری راســـت و زانســـتییانە لەعێراقدا ئەنجام نەدراوە، گرنگی سەرژمێری دانیشتووانی عێراق تەنیا بۆ رێکخســـتنی هەڵبژاردن و دیاریکردنی نەخشەی سیاســـی نییە، بەڵکو بۆ چارەسەرکردنی دەیان کێشـــەو گرفتی سیاســـی و ئابووریی و دانانی پلان و ستراتیژییەتی بەڕێوەچوونی کۆمەڵگایە، بەتایبەتی بۆ دابەشبوونی بوودجەو رێکخستنی خەرجی و داهاتەکان، دواخســـتنی ئەم پرۆسەیە بەمەبەســـتی زیادکردنی رێژەی دانیشـــتووانی عێراق هات بۆ پرۆســـەی هەڵبـــژاردن بەتایبەت لەناوچەکانی ناوەراســـت و خواروو بەمەبەستی مەرامی سیاسی و بەرژەوەندی ئیتەنی و تایفی تاوەکو دانیشتووانی عەرەبی سوننەو شیعە لەسەر حســـابی کـــورد و کەمەنەتەوەییەکانی تر زیاد بکات، بەتایبـــەت لەناوچەی کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان کە عەرەبەکان بە ناوچە جێ ناکۆکەکان ناوی دەبەن.

بەمشـــێوەیە دواخســـتنی ســـەرژمێری پیلانی سیاســـی لەپشـــتەوەیە، بەو پێیەی ئەنجامدانی ئەو پرۆســـەیە لەخزمەتی هاوڵاتییانی عێراق و لەخزمەتی دانیشـــتووانی هەرێمی کوردســـتانە بەتایبەتـــی تاوەکو چیتر ئەوان پێیـــان وانەبێت دانشـــتووانی هەرێمەکە لە ١٣٪ کەمترەو دەبێت ئەو رێژەیە بوودجەی بۆدیـــاری بکرێت، بەڵکو رەنگە ئەم ژمارەیـــە لە١٧٪ زیاتر بێت گەربێتوو بەشـــێوەیەکی دوور لەســـاختەکاری و تەزویرەوە ئەنجـــام بدرێت، بەتایبەت دوای ئەوەی ملیۆنێك هاوڵاتی لەعێراقدا کۆچیانکردووەو نزیکەی پێنج ســـەد هەزاری تریش لەم پێنج ساڵەی رابردوودا بوونەتە قوربانی کارە تیرۆریســـتییەکان و شەڕو پێکدادانەکانی نێوان لایەنەکان.

## گەندەڵی و شەفافییەت لەپرۆسەی بەڕێوەبردنی حوکمدا

لای هیچ کـــەس شـــاراوە نییـــە کەلەعێراقدا گەندەڵی هەیـــەو ناشـــەفافییانە کاروبارەکانی حکومەتـــی بەغـــدا بەڕێوە دەچێـــت، ئەمەش بەهۆی تێکەڵبوونـــی حزبایەتی لەناو کاروباری حکومەت و بێ سیســـتەمی و دوورخستنەوەی کەسانی شارەزا، لیژنەی نەزاهە لەچەندین بۆنەدا ئاماژەی بەمەترسییەکانی ئەو گەندەڵییانە کردووە بەتایبەت ئەو گەندەڵییانەی لەبواری فرۆشتنی نـــەوت و ئاودیوکردن و دزە پێکردنی ســـامان و نەوتی خاوی عێراق روو دەدات و داهاتەکەی دیار نییە، گەندەڵییەکانی بواری نەوت شوێنەوارەکانی لەسەر عێراق زۆر کاریگەرە بەتایبەتی لە ٩٠٪ی بودجـــەی عێراق لەم ڕێگایـــەوە دابین دەکرێت، گەندەڵییەکەی عێراق بەرادەیەکە زۆربەی وەزارەت و دامـــودەزگا حکومییەکانـــی گرتۆتەوەو لێی دەرباز نەبوون، هەر ئەمەشە وای لەعێراق کردووە لەراپۆرتـــە نێودەوڵەتییەکان لەریزبەندی دووەمین وڵاتی گەندەڵکارو ســـێیەمین وڵاتی ناشەفاف ناوی ببرێت، بەبێ بنبڕکردن و چارەســـەرکردنی ئەمبوارە ناکرێـــت عێراق بچێتە دۆخی ئابووری بازاڕو کەرتێکی گشتی و تایبەتی دامەزراوەیی هەبێت .

## کێشەی گرێبەستە نەوتییەکان و یاسای نەوت و گازی عێراقی

کاتێـــك لـــە٩٠٪ی بودجەی عێـــراق لەڕێگای



لەناو ماددە و بڕگە یاساییەکانی دەستووری عێراقدا دەیان ئاستەنگ دانراوە، بەتایبەتی ڕێگا نەدان بۆ مۆرکردنی ڕێکەوتنامەی بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی بیانی

بەغدا دەیەوێت مەرکەزییەتی ئابووری پەیڕەو بکات و، لە هەموو دەسەڵاتە ئابوورییەکاندا تایبەتمەندێتی هەبێت و لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا بێت

داهاتی ناردنە دەرەوەی نەوتەوە بەدەست بێت و سەرجەم کەرتەکانی تری ئابووری پشتگوێ خرابن، ئاساییە توندترین ململانێ لەم بوارەدا روو بدات، وەزارەتی نەوتی عێراق بەدرێژایی ساڵانی رابردوو بەشێوەیەکی ناشەفافیانەو دوور لە راستییەوە باس لە بەرهەمهێنانی نەوت دەکات و، هەموو ئامارو داتاکانی پەیوەندار بەدەرهێنان و ناردنە دەرەوەی نەوت و فرۆشتەنییەکان و داهاتەکان راست و دروست نییە، تەنانەت سەرچاوە عێراقییەکان باس لە بەفیڕۆچوونی نزیکەی ١٠ ملیاردۆلار دەکەن لە داهاتی فرۆشتەنییەکانی نەوت، هەربۆیە داهاتی مامناوەندی ساڵێکی تاکێکی عێراق لە ٣٢٠٠ دۆلارو کەمتردایە، ئەم سامانە ستراتیژییەی عێراق تێکەڵ بەبەرژەوەندییە سیاسی و حزبییەکان بووەو سەرۆك وەزیرانی عێراق و وەزیری نەوت گرێبەستە نەوتییەکان و رێکەوتنەکانیان لەگەڵ گەورە کۆمپانیاکان وەکو کارتێکی سیاسی دژ بە رکابەرەکانیان بەکار دەهێنن، هەربۆیە زوو پێش هاتنی وادەی هەڵبژاردنەکان چەندین رێککەوتن و گرێبەستی نەوتیان مۆرکرد لەهەندێك رێککەوتندا مۆڵەتی ٢٠ ساڵ کارکردنی بۆ گەورە کۆمپانیاکان تێدا بوو، وەزارەتی نەوتی عێراق دەیەوێت لەڕێگای دژایەتیکردنی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستانەوە گەمە بەسۆزو عەقڵی ئەو لایەنانە بکات کە دژ بەدەستکەوتەکانی کوردستانن و سۆزی ئەوان بۆخۆی راکێشێت و لە لێپرسینەوە دوور بێت و کوردستان بێ سەرچاوەی وزە بمێنێتەوە، نەبوونی پاڵاوتگەو پیشەسازی پێترۆل لەهەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان(هەولێرو سلێمانی و دهۆك ) ئەو واقیعەمان بێ دەڵێت کەچۆن لە دامەزراندنی حکومەتی عێراقەوە تاکو ئێستا سیاسەت و پیلانی دوژمنکارییانەی ئابووری دژ بە گەلی کوردستان بەردەوامبووە، ئەم سیاسەتە هاوکات بووە لەگەڵ وێرانکردنی کەرتی پیشەسازی نەوتی لەعێراقدا ئەوەتا لەساڵی ١٩٧٩ عێراق زیاتر لە٣ ملیۆن بەرمیل نەوتی بەرهەمهێناوەو ئێستاکە دوای تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵە ئاستی بەرهەمهێنان نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە.

بەدەستهێنانی نەوت و سوود وەرگرتن لەو سامانە گرنگە مافێکی سروشتی هەرێمی کوردستان و عێراقییەکانە مادام لەدەستووری عێراقدا باس لەو مافە کراوە، مادام داهاتەکان یەکە کەواتە گرێبەستەکان هاودژنین و ناکۆکییەکان لەڕێگای گفتوگۆی هێمنانە دوور لەلێدوانە هەڕەشە ئامێزکانی حوسێن شەهرستانی وەزیری نەوتی عێراق چارەسەر دەکرێن.

کاتی ئەوە هاتووە یاسای نەهێشتنی گەندەڵی بەهێز بکرێت و لەئەرزی واقیعدا جێبەجێ بکرێت و کەسانی وەکو شەهرستانی رووبەرووی سزای یاسایی بکرێتەوەو راپێچی دادگا بکرێت، لەلایەکی تریشەوە بەشێك لەداهاتی نەوت لەهاوشێوەی سندوقی ئالاسکاو وڵاتانی کەنداو بۆ تاکەکانی ناو کۆمەڵگای عێراق تەرخان بکرێت.

## قۆناغی ئایندە

عێراق بەپرەنسیپەکانی تەوافووق و بەشداریکردنی هەموو پێکهاتەکان دەچێت بەڕێوە، بەتایبەت هەرسێ پێکهاتە سەرەکییەکەی کوردو سوننەو شیعە، کێشەکە لەوەدایە هەندێك لایەن تاکو ئێستا بڕوایان بەپرۆسەی دیموکراتی و بەشداریکردنی لایەنەکانی تر لەدەسەڵاتدا نییە، کە هاوکاتە لەگەڵ نەبوونی هیچ پێشبینییەك بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان کوردستان و بەغدا، گۆڕانکاری و چاوخشاندنەوە بەئابووری سەقەتی عێراقدا تەنیا لەدروشمی بانگەشەکردن و گەڕانەوە بۆ مەرکەزییەتی ئابووری بۆ بەڕێوەبردنی عێراق خۆی دەبینێتەوە، ئەمەش تەنیا بیانوویەکە بۆ گەڕانەوەی تەواوی دەسەڵاتەکانی ناوەندو کشانەوە لەسیستەمی فیدرالییەت، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە عێراق چاوخشاندنەوەیەك بەو بەرنامەو سیستەمانە بکات کە ئێستاکە لەسەری دەڕۆن دوور لەبنەماکانی ئابووری بازاڕەوە جێبەجێ دەکرێت، هەروەها کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان بەغداو هەولێر لەڕێگای گفتوگۆوە بێتە چارەسەرکردن پێش پرۆسەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەعێراق لە٢٠١١، بەتایبەتی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و هەموارکردنی دەستوورو چەسپاندنی هەندێك بنەمای ئابووری کە وابەئاسانی قابیل بەلابردن نەکات. هاوکات لە عێراق و ناوخۆی هەرێمەکەشدا کار بۆ سەربەخۆیی ئابووری بکرێت و سەرچاوەی نوێی داهات بدۆزرێتەوە، بەتایبەتی سەرچاوەکانی داهات لەپەرەپێدانی کەرتەکانی کشتوکاڵ و گەشتووگوزارو پیشەسازیی دوور لەسەرچاوەی داهاتی پێترۆل و ١٧٪ی بەشە بوودجەی هەرێم. ئەوەی گرنگ بێت دەربازبوونە لەپاشکەوتەیی ئابووری ناوەند کەئێستاکە بەرادەیەکە زۆربەی کەرەستەو سووتەمەنی و بەنزین و کەلوپەلی خۆراکی لەژێر کۆنترۆڵی ناوەندی بەغدایە، ئەو ناوەندەی ئابووری تێدا کراوەتە قوربانی عەقڵییەتی شۆڤێنی و میلیتاریی کەلەدژی نەتەوەی کوردو هەرێمەکە دەجوڵێنەوە..

رەنگە یەکێك لەو تەحەددییانەی رووبەرووی نوێنەرانی کوردستانی و نوێنەرانی لیست و قەوارە سیاسییەکانی دیکەی عێراق لەئەنجوومەنی نوێنەران ببێتەوە، مەسەلەی لاوازی ئاستی ئابووری عێراق و بەفیڕۆچوونی داهاتەکانەو خۆ خەریك کردنە بەکێشە لاوەکییەکانی گرێبەستە نەوتییەکان و هەموارکردنی دەستوورو بوودجەو پرۆژە یاساکانی هەڵپەسێردراوەکانە.

چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکانی عێراق و کوردستان و خۆئامادەکردن بۆ رووبەرووبوونەوە سیاسی و تەحەدییە ئابوورییەکان لەبەغدا کارێکی ئاسان نییە و تێکەڵ بەیەکتر بووە، بەتایبەتی چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان بەغداو هەولێرو بەدەستهێنانی دەسەڵاتێکی زیاتری ئابووری بۆ هەرێمی فیدرالی کوردستان، چونکە لەگەڵ نزیکبوونەوەی چارەسەرەکان لەناوخۆی عێراق هێزە شۆڤێنییەکان و لەدەرەوەی عێراقیش دەستتێوەردانە ئیقلیمییەکان رێگرن لەبەردەم چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکاندا، کێشەکەی عێراق لەوەدایە عەرەبەکان نەگەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان پێشکەوتنی هەموو عێراقەو بەهێزبوونی ئابوورییەکەی شوێنەواری باشی لەبەهێزبوونی ئابووری هەموو عێراق هەیە، خۆشیان هەنگاو بۆ بەهێزبوونی ئابوورییەکانیان نانێن، لێدوان و راگەیاندنەکانی لیست و قەوارە گەورەکانی ناو گۆڕەپانی سیاسی عێراقی ئەو راستییە دەردەخات کەلایەنە عەرەبییە سەننەو شیعەکان بڕوایان بەسیستەمی نامەرکەزی ئابووری و بەدامەزراویکردنی حکومەت نییە.



بەدەیان پرۆژە یاسای گرنگ و ستراتیژی هەیە دەنگی لەسەر نەدراوە، لەوانە پرۆژەی یاسای نەوت و گازی عێراقی و وەبەرهێنان و دابەشکردنی داهات

گرنگی سەرژمێری دانیشتووانی عێراق تەنیا بۆ رێکخستنی هەڵبژاردن و دیاریکردنی نەخشەی سیاسی نییە، بەڵکو بۆ چارەسەرکردنی دەیان کێشەو گرفتی ئابووریی و دانانی پلان و ستراتیژییەتی بەڕێوەچوونی کۆمەڵگایە